# حسین یەزدانپەناو مەسەلەی بەرەی کوردستان

ئارام کوردی

م اوەیەکە باس باسی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی یە بۆ کوردستانی ئێران و زۆر کەس بابەت و لێکۆلینەوەی جیاوازی لە سەر نوسیوەو بلاوی کردۆتەوە، دەتوانم بلێم کە هەموو ئیدەکان لێك نزیك و تا ڕاددەیەك یەك بونیان پێوەدیار بووە واتە هاو بیرو بڕوا بونە بۆ پێك هێنانی بەرەی کوردستانی. بەرەی کوردستانی پێویستیەکی مێژوییەو زوو یان درەنگ حیزب و رێکخراوە ئێرانی و کوردستانیەکان دەبیٚ هەنگاوی پێویستی بۆ هەلبێیننەوە ،بەلاّم ئەوەی جێی باس و سەرنجە ئەمەیە کە دەبیٚ کام حیزب و کامە رێکخراوی سیاسی بەم کارە هەلسێو دەسپێشخەری بکات و هێزە سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکان لە دەوری یەك کۆ بکاتەوە ؟ یان باشترە بلێم ئەم کارە لە دەسەلاّتی کام حیزب و رێکخراودایەو بە بەشداری کام لایەن پێك دێت یان بە بەشدار نەبونی کام لایەن پێك نایەت ؟ بێگومان لە هەموو دوودلێیەك و هەمومان بۆمان ڕون و ئاشکرایە کە بەرەی کوردستانی بەبیٚ بەشداری حیزبی دێموکرات وەك رێبەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەلکی کوردستانی ئێران و پاشانیش کۆمەلە پێك نایەت و ئەگەر ئەم دوو لایەنەش کاری بۆ نەکەن پێك هاتنی بەرەی کوردستانی مەحالە. بۆیە هیواداریین کە ئەم دوو لایەنە بە ئەرکی سەر شانی خۆیانی بزانن و هەولی جیدی بدەن بۆ پێك هینانی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران دا. بەلاّم ئەوەی سەیرو سەمەرەیە ئەوەیە کە ماوەیەکە حسین یەزدانپەنا دەستی کردووە بە هات و هاوار کردن و بە قەولی خۆی کار دەکات بۆ پێك هینانی بەرەی کوردستانی ! ماوەیەك لەمەوبەر لە ژوری ئێرە دەنگی کوردستانە لە پالتالك دا قسەو باسێکی زۆری کرد لە بارەی بەرەی کوردستانی و کار کردنی لەو رێگایەدا، ئێستاش دوای ئەوەی کە بۆی دەرکەوت کە هیچ کەس و لایەنێك ناوی حسەین و جەماعەتەکەی ناهێنن بە مەجبوری دەستی کردووە بە بلاو کردنەوەی بە ناو بەیاننامە لە سکرتێری جەماعەتی حسەین یەزدانپەنا وە بۆ ڕۆلە بەشەرەفەکانی نەتەوەی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی ولاّت دا، سەیر ئەوەیە کە ئێستا لە ،لەم بەناو بەیاننامەیەدا نوسیویەتی کە " بۆ ئەوەی مێژوو نەشێوێندریٚ و خەلك چەواشە نەکریٚ دەلێم کە هەر لە بنەڕەتدا چەمکی بەرەی کوردستانی ruk هێناویەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەلاّتەوە" ئەمە وتەی حسین یەزدانپەنا بوو کە لە بە ناو بەیاننامەکەدا بلاوی کردبۆوە، پێم وایە حسین یەزدانپەنا ئاگاداری ئەمە نیە کە شەهیدانی مەزن دکتۆر قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی چەند هەولیان دا بۆ پێك هێنانی بەرەی کوردستانی یان بەرەی ئێرانی و تا کاتی شەهید بونیشیان هەر بە ئاواتی ئەمە بوون کە ڕۆژێك بێت و حیزب و رێکخراوەکانی ئێرانی و کوردستانی لە دەوری بەرەیەکی یەکگرتودا کۆببنەوەو خەباتی خۆیان درێژە پێبدەن. بەلاّم پێم وایە ئەو کاتە کاك حسین یەزدانپەنا هێشتا نەببو بە شۆڕشگێڕێکی کوردستانی و سەربەخۆخوازێکی بیٚ هاوتاو سەربەخۆیی بۆ کوردستان نەدەویست و هەر لە ناو چریکەکاندا خەباتی بۆ ئێرانێکی یەکگرتوو دەکردو پشتیوانی دەکرد لە کرێکاری کارخانەکانی تاران و تەورێز ئیسفەهان و ئابادان وباقی شارەکانی تری ئێران و لە خەویشدا کوردو خاك و ئالاّکەی کوردستانی نەدەدیت و بەرەی کوردستانی بە بیردا نەدەهات، بۆیە لەمە ئاگادار نیە کە رێبەرانی شەهیدمان چەندیان هەولدا بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێراندا، ئێستاش لەم بلاوکراوەی حسەین یەزدانپەنادا هاتووە کە دەلیٚ رێککەوتنی دوو حیزب تەنیا وەك رێککەوتنی دوو حیزب چاو لیٚ دەکات و بە بەرەی کوردستانی یان بناغەی بەرەی کوردستانی و رێککەوتنی نەتەوەیی دانانیٚ ! باشە حیزبی دیموکرات یان کۆمەلە چی پێویستیەکیان بەمە هەیە کە حسەین یەزدانپەنا و جەماعەتە چەند نەفەریەکەی کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن چۆنیان چاو لێدەکەن . هەروەها حسەین یەزدانپەنا بانگەشە بۆ ئەمە دەکات کە گۆیا دەیان هەویٚ هەلاّواردن " حذف" بکەن واتە هیچ حیسابێك بۆ جەماعەتەکەی حسین یەزدانپەنا نەکەن، باشە حسەین کە وەك بۆخۆی دەلێت ئەگەر جەماعەتەکەی هەلقولاّوی ناو کۆمەلی کوردەواریە بۆ ئەوەندە دەترسێت با کۆمەلی کوردەواری پشتیوانی بێت و خەلك بلێن بە بیٚ حسەین یەزدانپەناو جەماعەتە 9 نەفەریەکەی بەرەی کوردستانیمان قبولٚ نیە و ئەو کات با خەلك حیزب و کۆمەلە مەجبور بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش دان بە جەماعەتەکەی حسەین یەزدانپەنادا بێنن . بەلاّم لە هەر هەمووی سەیرو سەمەرە تر ئەمەیە کە دەلیٚ" سالەها دوژمنی داگیرکەر ویستی

بێدەنگەی لە سەر بکاو ناوی نەهێنیٚ و بە نەبووی بژمێریٚ، وا ئێستا لێیدەپارێتەوە و دەست بە داوێنی دۆستان بووە بۆ ئەوەی وتووێژی سیاسی لە گەڵدا بکات ! " دەڵێم خۆزگە وا بوایەو دوژمنان دەستەو داوێنی حسین یەزدانپەنا بونایە بۆ وتووێژی سیاسی لە سەر مافی گەلەکەمان و ئێمەش توانیبامان لە سایەی جەماعەتەکەی حسین یەزدانپەناوە چوباینەوە ناو گەلەکەمان و ئەم پایزەمان لیٚ ببا بە بەهاری ئازادی، بەڵام توخوا چی ئەقڵێك ئەمە قبولٚ دەکات کە سەرانی کۆماری ئیسلامی لە گەلٚ کەسیٚ دانوستان بکەن کە قابڵەمە دۆڵمەیەك بەشی سیٚ ژەمیان دەکات و نیوەشی دەمێنێتەوە. بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم وا باشە مرۆڤ بە ڕاددەی بەڕەی خۆی پێڕاکێشیٚ و چیتریش حسین یەزدانپەنا باسی بەرەی کوردستانی نەکات چونکە ئەوە پێڕاکێشانێکی زۆر زیاترە لە بەڕەکەی حسین یەزدانپەنا. وە بۆ ئەوەی حیزب و کۆمەڵەش حیسابی بۆ بکەن واباشە ئەم دانوستانە پشت گویٚ نەخات و هەتا زووە دەست بە کار بێت بۆ ئەوەی بە هۆی ئەم وتووێژە لە کوردستاندا پشتیوانی زیاتر بۆخۆی پەیدا بکات.

kurdistaniran@yahoo. no

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. به باوەڕی ئێمە نەك ڕێزدار حسێن یەزدان پەنا، بەڵکو بچوکترین ئەندامی کۆمەڵگای کوردی هەوڵ بدا بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، جێگای ڕێزە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت